# دونیای ئیسلام و کولتوری توندوتیژی

## خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی

رەنج جەعفەر ئەحمەد
توێژەری کۆمەڵایەتی

### چەمکی توندوتیژیی:

مەبەست لە توندوتیژیی ئازار و ئەشکەنجەدانە بە گوتن یان بەکردەوە لەرەوشی بەیەکدادانی لایەك لەگەڵ ئەویدیدا, بە پلەی یەکەم رەوشێکە لە خودی خۆیدا لێی دەکۆڵدرێتەوە, بەڵام دابڕاو نییە لە بوون و پاساو و رێڕەوە مێژووییەکانیدا, لەسەر ئاستی دووەمدا رەوشێکی ئاوێتەیە لە دەرکەوتن و ئەنجامدان و پەیوەندییەکانیدا, هەروەها رەوشێکی خودگەرایە من دەگرێتەوە لە رووبەڕووبونەوەی ئەوانیدیدا کە ناکرێت رووکەشانە سەیربکرێت, لەسەر ئاستی سێهەمدا بەوە دیاریدەکرێت کە تاك یان کۆمەڵە کەسانێك ئەنجامی دەدەن, دەتوانین بڵێین کردەیەکی رێکخراوە لە دەستپێشخەریکردن یان لە کاردانەوەی دەستپێشخەردا, لە هەموو بارێکدا ئەزموونێکی دەروونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە کەسانێکە لە ئازار و ئەشکەنجەدانی بەرامبەرەکانیاندا, بەڵام ئەم ئەزموونە دابڕاو نییە لە گۆڕانی کۆمەڵ و رەوشە رۆشنبیری و سیاسییەکەی, کە هەر تەنها لە هەڵچوونی بەکۆمەڵ و شۆڕشە چەپ و راست و لۆکاڵی نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان دەرناکەوێت[1]. بەڵکو بەشێکە لە کەسایەتی تاکەکان لە مامەڵەی رۆژانە و تەواوی سیستەمی پەروەردەیی و ئایینی و سیاسی..

گرتۆتەوە, مەبەستمان لە ئەزموونی دەرونی و کۆمەڵایەتی ئەو ئامادەییە دەروونی و کۆمەڵایەتیەیە کە لەناو هەناوی کولتوری کۆمەڵدا بوونی هەیە, لە چێوەی مەعریفەی کۆمەڵایەتی, ئایینی, سیاسی, بەرهەمدێت.

ماکس ڤێبەر لە پۆلێنکردنی کردەی کۆمەڵایەتیدا باس لە جۆرە کردەیەك ئەکات, کە ناوی ناوە (کردەی ئەقڵی), ئەو کردەیەی کە بەهایەکی رەها ئاراستەی دەکات, دەکرێت ئەو بەها رەهایە رەوشتی یان ئایینی بێت, هەروەها ئەم کردەیە دەناسێنێت بەوەی بەهای رەها پاڵنەری تاکە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێك داواکاریی یان ئامانجی بێ چەند و چوون, ئەمە ئەوە دەگەیەنێت باوەڕبوون بە بەهایەکی رەها هۆشیارانەیە, پرۆسەی کردەکان لەپێناو ئەو بەهایانەیە و بۆئەویش ئاراستەی خۆی وەردەگرێت, بەدەر لە هەموو خواستێکی تایبەتی, لەبەرئەوە ئەو ئامرازانە بەکاردەهێنێت کە پشتگیریی باوەڕەکەی دەکات و بەرەو بەها پیرۆزەکانی ئاراستەی دەکات[٢].

لە رێگەی ئەو دەرئەنجامانەی لە تیۆری ماکس ڤێبەر بۆ کردەی کۆمەڵایەتی دەستمان دەکەوێت, دەکرێت لەوەبگەین کە ئەو کردەیەی بەها رەهاکان ئاراستەی دەکەن, پەیوەندیدارە بە بەها کۆمەڵایەتیەکان و ململانێی بەهاکان, ئەو تاکانەی بەهای رەها ئاراستەیان دەکەن و لە رەوشێکی پیرۆزگیراوی ئایینیدا بەنج بوون, بۆیە تا تاکەکان زێتر پەیوەستی بەها رەهاکەیان بن و رێز لە بەهای جودای بەرامبەرەکانیان نەگرن, هێندەیتر دیاردەی توندوتیژیی بەهێزتر دەبێت لە ئاستە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

توندوتیژیی دیاردەیەکی خۆڕسك و هەڕەمەکی نییە, بەڵکو ئامادەییەکی هۆشمەندانەی تاك یان کۆمەڵەکەسانە, بەمەش دەگەینە ئەوەی کە دانپیانەنان و نەناسینی قوربانی ناگەیەنێت, بەڵکو ناسینێکی دیاریکراوی بەرامبەرە بەپێی ئەو پەیڕەوە دیاریکراوانەی بەها رەهاکە ئاراستەیان دەکات, لێرەوە دیاردەی توندوتیژیی دەرئەنجامی نەفیکردن و رەتکردنەوەی رەهای دیوە مەعنەوییەکەی بەرامبەرە, بەم شێوەیە بەرامبەر لە مرۆڤێك یان کۆمەڵە مرۆڤێك کە دەکرێت رێزی لێبگیرێت, دەگۆڕێت بۆ قوربانییەك لە زیهنی ئەوانەی توندوتیژیی ئەنجام دەدەن, دواتر ئەو ئامادەییە دەروونی و کۆمەڵایەتیە دێتە باری جێبەجێکردنەوە.

بەم شێوەیە توندوتیژکار بەرامبەرەکەی لە گەمەیەکی توندوتیژانە دەناسێت کە لە رووبەڕووبونەوەی راستەوخۆدا دەردەکەوێت یان ناڕاستەوخۆ خۆی لە تێگەیشتنی کۆمەڵە کەسانێك یان رێکخراوێك دەبینێتەوە لەبەرامبەر کۆمەڵەکەسان یان رێکخراوێکی تردا. کە خۆی فۆرمۆڵە دەکات لە وێنایەکی سیاسی ئایینی یان رەگەزپەرستیدا. هەموو رەوشەکانی توندوتیژیی دەوەستێتەسەر مەعریفەیەکی خەملێوو کە لەسەر بنچینەی میراتێکی زیهنی بوونیادی ئایدیۆلۆژی و رایەڵە ستراتیژیەکانی خۆی پێکەوەدەنێت.

## توندوتیژیی و نامۆبوون:

هەروەها دەکرێت دیاردەی توندوتیژیی بە چەمکی نامۆبوونەوە گرێبدەین چ لەسەر ئاستی تاك یان کۆمەڵاندا، نامۆبوون رەوشێکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە بەتەواوی تاك جڵەو دەکات، وای لێدەکات دوور بێت لە واقیعی کۆمەڵایەتی، (Melven seeman) توانی گرنگی نامۆبوون دیارییبکات لە شیکاری کۆمەڵایەتیدا، واتای بەکارهێنانی ئەم زاراوەی جیاکردەوە لە واتا و بەکارهێنانی تردا. کەسی نامۆی وا دیاریکرد کە هێزی تێدا نامێنێت یان نامۆبوون وایلێدەکات کە ناتوانێت ئەو رەوشە کۆمەڵایەتییە بگۆڕێت کە کارلێکی لەگەڵدا دەکات، یاخود دەتوانین بڵێین تاکی نامۆ لە بارێکی دەروونی کۆمەڵایەتی وا دەبێت ناتوانێت ئەو شێوازە دروستانە هەڵبژێرێت لە خۆگونجاندنی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیدا، دووەمیان تاکی نامۆ بێئامانجە، ناتوانێت رەفتار و بیروباوەڕ و ئامانجەکانی ئاڕاستە بکات، سێیەمیان نەمانی پێوەرە لای تاکی نامۆدا، واتە تاکی نامۆ لە وەدیهێنانی ئامانجەکانیدا پێویست ناکات بەپێی ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتی و رەوشتیانە کاربکات کە لە کۆمەڵەکەیدا هەیە، یان دەتوانین بڵێین تاکی نامۆ دابڕاوە لە ئامانجە ژیاری و شارستانیەکانی کۆمەڵەکەی خۆی[٣].

لە سەیرکردنی هەموو ئەو ئاماژانە بۆ نامۆبوون بۆمان دەردەکەوێت تاکی ئیسلامگەری ئسوڵی، هەمیشە ئایین دادەبڕێت لەو کارلێکە کۆمەڵایەتیەی لە پرۆسەی خۆی دروستیکردووە لەگەڵ کلتوری کۆمەڵایەتیدا، بەواتایەکی تر دابڕاوانە روانینە بۆ دەقی دینی و

رووتکردنەوەیەتی لە مەدلولەکانی خۆی و بەبێ لەبەرچاوگرتنی واقیعی کۆمەڵایەتی, ئەوها تاکی ئیسلامی ئسولی خۆی فڕێدەداتە پانتاییەکی زیهنی بیرکردنەوە کە هێندە گۆشەگیر و نامۆدەبێت لەبەرامبەر کۆمەڵ و ئایین, نەتوانێت لەگەڵ مردوانی چەرخی ئسولیش بژیت لە گریمانێکدا زندووببنەوە, چونکە ئسولیەتی ئەوپەڕگر (الاقصى الأصولية) نامۆبوونە لەگەڵ خودی تاکی ئسولیدا, ئەو لەتوکوتبوونەی هێزە ئیسلامیەکانی لای خۆمان باشترین بەڵگەیە بۆئەمە.

ئەگەر نامۆبوون هەر لەسەر ئاستی تاکدا بمێنێتەوە, ئەوا تاك ئەخاتە رەوشێکی گۆشەگیرەوە, بەمەش دوور لە کۆمەڵ و هەموو جۆرە کارلێکێکی کۆمەڵایەتی فیکری ژیان دەکات, رەنگە لەخۆخواردنەوە و خەیاڵە زاتیەکانی خۆیدا تووشی نەخۆشیەکی ئەقلی بێت, بەڵام ئەگەر نامۆبوون لەسەر ئاستی کۆمەڵە کەساندا بێت و بەشێك بێت لە دەرئەنجامی ململانێی بەها کلتوری و ئایینی و ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوی ئەوپەڕگر (توندڕەوی) لەپشتەوە بێت و ئاڕاستەیان بکات, ئەوا توندوتیژیی لە خراپترین رەوشدا ئامادەبوونی دەبێت لە کۆمەڵدا. وەك لەو زنجیرە کوشت و بڕەی پشتیوانانی ئیسلام ئەنجامیان دا لەم دواییەدا.

ئەم شێوە نامۆبوونە بەکۆمەڵە ریك دێتەوە لەگەڵ نامۆبوونی ئیسلامگەرە ئسولیەکان لە تەواوی دونیای ئیسلامیدا, چونکە تاکی ئسولی — سەلەفی تەجریدیانە خۆی بە دەقە دینیەکان گرێ دەدات, هەمیشە شکست و قەیرانی دونیای ئیسلامی گرێدەدات بە باڵادەستی و غەزوی کلتوری خۆرئاوایی, بەهۆی رەهایی روانینی بۆ بەها پیرۆزگرتووەکانی خۆی بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت خوێندنەوەیەکی رەخنەییانە بۆ کلتوری میراتی ئسولیەت بکات و کەلێنەکانی ببینێت, بۆیەشە داننان بە جودایی بەرامبەر و ناچاریەتی بو بەیەکەوە ژیان, دواتر رێزگرتنی بەرامبەر کە بنچینەی دیموکراسیە بە لادان لە ئەسڵ و ئسولیەت و گومڕابوون دەزانن, ئەمەش سەرەتای جیاوازیی فیکری ئسولیەتە لەگەڵ دیموکراسی و علمانیەت, ترس لە مۆدێرنێتە و تێکەڵبوون و دیالۆگ کردن و دیاردەی بەجیهانیبوون.. هتد لەو بنەما فیکرییە جەقبەستووانەوە سەرچاوەدەگرێت.

یـەکێك لـەو فەیلەسـوفانەی بـاس لـە نـامۆبوون دەکـات و نزیکمـان دەکاتــەوە لــەوەی بتــوانین لــە تێگەشــتنی ئــەو چــەمکەوە روونــتر لــە توندوتیژیی بگەین (هیگل)ە, کـە دەتـوانین لەسـەر چـەند ئاسـتێکدا ئـەم چەمکە ببینین(٤):

**یەکەمیان:** نامۆبوونی مرۆڤ لە خودی خۆیدا, ئەم شـێوە نامۆبوونـە لـە خۆلەدەسـتدانێکی تـەواو سەرچـاوەدەگرێت, بەمـەش مـرۆڤ نامۆدەبێت لە خود و سروشـتی ناخیـدا, تادەگاتـە بـەرزترین لوتکەی توندڕەویی لە ململانێکردن لەگەڵ خودی خۆیدا ئـەم ئاستەی نامۆبوون رێکدێتەوە لەگەڵ باوەڕی دینیدا, چـونکە باوەڕی دینی داوا لە تاکی بـاوەڕدار ئـەکات کـە هەمیشـە لـە شـەڕی غـەریزەکانی خۆیـدا بێـت و هەسـت و نەسـتی خـۆی خەفەبکات, گـوێگرتن لـە مۆسـیقا و گـۆرانی و هەڵپـەرکێ و چالاکیە هونەرییەکان بە حـەرام بزانێـت, دواتـر تیرۆرکردنـی ئەدیب و هونەرمەندان بە رەوا ببینێت, تا دەگاتە ئامـادەیی لە کردەی توندوتیژییدا.

**دووەم:** نامۆبوون لە بونیادی کۆمەڵایەتی, ئەم نامۆبوونە لایەنی دووەمـی نـامۆبوونی تـاك و جیابوونەوەیـەتی لەکۆمەڵـدا, ئەگـەر ئاسـتی یەکەمی نامۆبوون لە دەرئەنجامی دژیەك بێت لـەنێوان سروشـتی مرۆڤ و رەوشـە گشـتیەکەیدا, ئـەوا نـامۆبوون لـە دووەم ئاسـتدا پەیوەندیـــدارە بـــەجۆری پەیوەنـــدی مـــرۆڤ بـــە بونیـــادە کۆمەڵایەتیەکەیـــەوە جـــا چ دەوڵـــەت یـــان کۆمـــەڵ بێـــت, بەلەربەرچاوگرتنی ئەوەی هیگل بوونیادی کۆمەڵایـەتی و فۆرمـە سیاسیەکەی دیاریدەکات کە دەوڵەتە, کـە هـەردووکیان یـەکتر تەواودەکەن و پێویستە تاك ئینتمای بۆ هەبێت. ئاستی دووەمی نـامۆبوون لـە تێگەیشـتنی هیگڵـدا, رێـك پێکهـاتی دەروونـی کۆمەڵایەتی ئەو گروپە ئیسلامیانە دەگرێتـەوە کـە تـەواو نـامۆن لەبەرامبەر بونیادی کۆمەڵایەتیدا بەپێچەوانەکەشی هەر راسـتە, تەواوی خەڵکی رەفتار و جلوبـەرگ و جێبـەجێکردنی سـێرمۆنیا دینیـەکانی تـاکی سـەر بـە گروپـە ئیسـلام گـەرەکان لەخۆیانـدا بەنامۆ دەبینن.

## توندوتیژیی ئەشکەنجەدان:

لەبەرئەوەی ئازار و ئەشکەنجەدان دیوە کردەییەکەی توندوتیژییە، لە سەردەمە جیاجیاکانی ئیسلامیشدا پەیڕەویی لێکراوە، بۆیە بەپێی ئەوەی (هادی عەلەوی) بۆیچووە دێینە باسکردنی، ئەشکەنجەدان وشەیەکی داتاشراوی نوێیە لەبەرامبەریدا سێ زاراوەی کۆن هەیە کە ئەشکەنجەدان و لێدان و ئەتك کردنە، هەردوو زاراوەی یەکەم و دووەم لە سەردەمەکانی ئیسلامدا بەیەك واتا بەکارهێنراون، کە ئاماژەن بۆ ئازاردانی دیل و تاوانبار بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە لێیان، یاخود بۆ پێدرکاندنی شتێك (البسط) کە بەواتای لێدان دێت لەگەڵ (علیە)دا دەبێتە کردارێکی تێپەڕیوو. لەنێو زمانی بەغدادیدا بەهەمان واتا بەکاردێت بۆ نموونە دەوترێت (بسطة) واتە (ضربة)، (مبسوط)یش بەواتای (المضروب)دێت، وشەی ئەتکردنیش بەواتای شێواندنی کەسێکە جا ئەو کەسە چ زیندوو بێت یان مردوو[٥]. گروپە ئیسلامیە توندڕەو و یاخیەکانی لای خۆشمان لەم شێوە توندوتیژیەیە بێبەش نەبوون، تیرۆرکردنی ئێسك و پروسکی شێخانی نەقشبەندیو سوکایەتیپێکردنی پاشماوەی گۆڕەکانیان جەخت کردنەوەیەکی سەرشێتانە و ناڕەوشتیانەیە لە نەفیکردنی ئەو فۆرمەلە کلتورییەی کە لە پرۆسەیەکی مێژوویی دوورودرێژی کارلێکی ئاین و کلتوردا خۆی بەرهەمهێناوە و بۆتە بەشێك لە مەعریفەی کۆمەڵایەتی و ئاینی کۆمەڵی کوردەواری.

گروپە ئیسلامیەیە توندڕەو و یاخیەکانی لای خۆمان لەم شێوە توندوتیژیە بێبەش نەبوون تیرۆرکردنی ئێسك و پروسکی شێخانی نەقشبەندی جارێکی تر جەختکردنەوەیە لە نەفیکردنی ئەو فۆرمۆلەبوونە کلتوریەی کە لە بروسکەیەکی مێژوویی دوورودرێژی کارلێکی ئایین و کلتوردا خۆی بەرهەمهێناوە و بۆتە بەشێك لە مەعریفەی کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆمەڵی کوردەواری.

**کلتوری ئیسلامی و توندوتیژی:**

سەرەتا پێویستە بزانین ئایین بەشێوەیەکی گشتی پێکدێت لە باوەڕ و پەیڕەوکردن, زانایانی بواری ئەنترۆپۆلۆژیا لەسەر گرنگی پەیڕەوکردن ڕێکەوتوون بەڵام تێگەیشتنیان بۆ باوەڕ جیاواز بووە بەپێی سەردەمە جیاجیاکان, لە سەدەی نۆزدە وای بۆدەچوون کە یەکەم جار باوەڕەکان ئەزمونە سادەکانیان ڕاڤە (شەرح) دەکرد, ئایین لەسەر بنچینەی ئەم ڕاڤەکردنانە خۆی بنیاد نا, دواتر بەگرنگیەکی زیاترەوە سەیری پەیڕەوکردن (ممارسة)یان کرد, ئەو بۆچوونەیان لا دروست بوو, کە باوەڕەکان نەدەبوون ئەگەر پاساو نەبوونایە بۆ پەیڕەوکردن[٦] واتە بوونی باوەڕە جیاجیاکان پاساون بۆ پەیڕەوکردن و سێرمۆنیا دینیەکان ئەمەش وایکردووە هەر کۆمەڵێك ڕوانینی ئایینی خۆی هەبێت بۆ دونیا.

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە باوەڕەکان و دەقە ئایینیەکان هەمیشە لە کارلێکردن دەبن لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی‌دا, بەواتایەکی تر ئایین لەگەڵ ئەو کلتورەی تیایدا لەدایك دەبێت دەکەوێتە کارلێککردن, بەم شێوەیە چەندە ئایین دەیەوێت ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیە بگۆڕێت, هێندەش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو کلتورەی کە تیایدا لەدایك دەبێت, یاخود لە فراوانبوونی پانتایی جوگرافی خۆی‌دا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کلتورەکانی تریش, هەروەها ئەو ڕەگەزە کلتوریانەی دەکەونە کارلێکردن لەگەڵ ئاییندا بەهەمان شێوە دەگۆڕێن, هەموو ئەو کارلێکە کلتوریانە لە پرۆسەیەکی مێژوویی‌دا ڕێچکە و ئایین و ئایینزا (المذاهب)ە ئایینەکانی بەرهەمهێناوە, لە بوونی ئەم جیاوازیە کلتوریانە و هەمیشە ئامادەبوونی لۆژیکی هێز لە پەیڕەوکردنی ئایین و فەرمانڕەوایدا, کلتوری توندوتیژیی قۆناغ لە دوای قۆناغ نەشونمای کردوە, شێوازی تازەشی دۆزیوەتەوە لەبواری پەیڕەوکردندا, تا گەیشتۆتە سەر ئێسقان نامرۆڤانە هەڵسوکەوتکردن لە بەیەکدادان و ئازارداندا.

بۆئەوەی ڕەوشی توندوتیژیی دونیای ئیسلامی لە چێوە کلتوریەکەی‌دا ببینین, پێویستە بگەڕێینەوە بۆ یادەوەریە کلتوریەکانی پێش ئیسلام و دواتر ڕەنگدانەوەی ئەم یادەوەرییە کلتوری‌یە لەسەر جوڵە و دونیابینی ئایینیانەی دوای ئیسلام دیاریبکەین.

بەر لە هاتنی ئیسلام زۆربەی عەرەبەكان خێڵی كۆچەری بیابان نشین بوون, لەسایەی سیستمێكی كۆمەڵایەتیدا كە هەر لە بیاباندا دروست دەبێت كە بە كۆچەری (بداوة) ناسراوە دەژیان, خێڵە كۆچەرەكان وەك هەموو خێڵە كۆچەریەكانی بیابانی ناوەڕاستی ئاسیا و باكوری ئەفریقا خەریكی بەخێوكردنی ئاژەڵ بوون لە بیابانی دوورگەی عەرەبدا, لەمێژوودا بە گەورەترین سەرچاوەی كۆچەریی ناسراوە, بەدوای لەوەڕگادا دەسووڕانەوە, بەشێكی دیكەی نیوەدوورگەی عەرەب لە چەند شار و شارۆچكەی وەك مەككە و مەدینە و حیجازدا نیشتەجێبوون و خەریكی بازرگانی و كشتوكاڵ بوون(٧).

خێڵە كۆچەرە عەرەبەكان خەڵكێكی نەخوێندەوار و سەرەتایی بوون, لە كۆمەڵێكی ترادیسۆنی داخراودا دەژیان. هیچ گۆڕانێكی گرنگیان بەسەردا نەدەهات, ئەوەی لە ڕێگەی ئاژەڵدارییەوە دەستیان دەكەوت بەشی ژیانی مەمرەو مەژیان دەكرد, ئەم خێڵە كۆچەرانە كشتوكاڵ و بازرگانی هەر كارێكی تری پیشەسازیی وەك ئاسنگەریی و دارتاشی..هتد, بە كارێكی سووك سەیركردووە, بۆیە دەبوو بژێوی و نان بە زەبری شمشێر و غەزووكردن پەیدابكەن, بۆیە غەنیمەت و دەسكەوتی شەڕ و تالانی بەكارێكی جوامێرانە دانراوە و بەشێكی گرنگی كلتورەكەیان بووە(٨).

ئەم ڕەوشە لە ژیانی ئابووری كۆمەڵایەتیدا بەرهەمهێنەری دەمارگیریی خێڵەكی خێڵەكانی بیابان بوو, هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر ژن و جیاواز سەیركردنی كوڕ و كچ.. هتد, لەم كلتورە سەرچاوەیگرت كە ئیكۆلۆژیای بیابان دیارترین كاریگەریی هەبوو بەسەریەوە.

چونكە ژن لەچێوەی ئەم كلتورەدا شەرەف و ناموسی پیاوە, دەبێت پارێزگاریی لێبكات لەبەرامبەر خێڵی نەیاردا, بەڵام پیاو شمشێربەدەست و نانپەیداكەرە, بۆنمونە زیندەبەچاڵكردنی كچان لەلایەن خێڵە عەرەبەكانەوە بەشێوەیەكی گشتی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ژن خاڵی لاوازی خێڵە و بەكەمتر سەیردەكرێت لەمەش زیاتر ئامرازی دەستی پیاوە وەك هەر كاڵایەك, بۆیە ئەگەر زیاد لەپێویست بوو ئەوا پێویستە

زیندەبەچاڵ بکرێت, ئەم دیاردەیە لەمێژووی خێڵە عەرەبەکاندا لەلایەن هەندێك خەڵکەوە بۆ کەم توانایی باری ئابوریی دەگێڕدرێتەوە بەڵام هاوکات دیاردەی زیندەبەچاڵکردنی کوڕ نەبیستراوە لەتەواوی مێژووی خێڵە عەرەبەکاندا, چەندە ژمارەی کوڕ زۆریش بووبێت لەخێزاندا بەپێچەوانەوە ئەوەی کوڕی بووبێت سەربەرز و سەرفراز بووە لەنێو خێڵدا. ئەوە هەموو لەلایکدا, لەلایەکی تردا دەبێت ئەو ئامادەییە دەرونی و کۆمەڵایەتی‌یە لە چ ئاستێکی دڕندەییدا بێت باوك بتوانێت کچەکەی بەزیندوویی ژێر گڵ بخات, ئەی دەبێت ئامادەیی کوشتن لە چ ئاستێکدا بووبێت لەبەرامبەر کەسێك کە بە نەیاری خۆی زانیبێت, رێك لەشوێنی خۆیەتی کە ناوی ئەم کلتورە بە کلتوری جەنگەڵ بێت.

یەکێك لەو زانا ئیسلامیانەی باسی دەمارگیریی خێڵەکی خێڵەکانی بیابانی کردبیت ئیبن خەلدونە, ئیبن خەلدون تێگەیشتنی فراوانی هەبووە بۆ دەمارگیریی (عصبیة) لە یەکێك لە تێگەیشتنەکانی‌دا دەمارگیریی گرێدەدات بە هاریکاریی کۆمەڵایەتیەوە, مەبەست لە کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بەکۆمەڵێکی دیاریکراو یان گەلێك لە ناوچەیەکی دیاریکراو بژین و شێوازێکی دیاریکراوی ژیانیان هەبێت, بۆئەوەی ئەم شێوازە لە ژیان و ترادسیۆنە پارێزگارییان لێبکات و مانەوەیان مسۆگەر بکات, یان ئیبن خەلدون پێی وایە دەمارگیریی یەکگرتنێکی کۆمەڵایەتیە کە دەکرێت بەهێزی یەکانگیریی و جێگیریی کۆمەڵە کۆمەڵایەتیەکانی پێبکرێت(٩).

ئەگەر لەسەرێکدا دەمارگیری پەککەوتەیی کۆمەڵ یان خێڵێکی دیاریکراو بێت, بەڵام لەسەرێکی تردا بەرهەمهێنەری ململانێی خێڵەکی بووە لە چێوەی ئەو ئیکۆلۆژیایەی تیایدا ژیاون کە وشکی و قات و قڕی بیابانە بۆ مانەوەی خۆیان و بەدرێژایی ساڵ سەرقاڵی پەلامار و تاڵان و کوشتاری یەکتری و رێگری بوون, یان چەن خێڵێکی کۆچەر پێکەوە سوارچاکانە پەلاماری ئەو شار و شارۆچکە و ئاواییانەیان دەدا کە لە رۆخی بیابانەکان بون, لە هەڵمەت و بەسەردانەکانیاندا تاڵانیان دەکرن. یاخود رێگەیان لەم کاروانە بازرگانیانە دەگرت کە لەنێوان شام و حیجازو یەمەندا هاتووچۆیان دەکرد.

وەك بەشێك لە کلتوری توندوتیژیی شەڕی خێڵەکی نێوان خێڵە عەرەبەکان رەگەزێکی تری کلتورەکەیان بوو. ئەم ململانێی خێڵەکی‌یە کەمێژوونوسانی عەرەب بە (ایام العرب) ناودێری‌دەکەن بەڕادەیەك خوێناوی بوو جاری وا بووە دوو خێڵ یاخود زیاتر لەسەر شتێکی بچوك بەشەڕ هاتوون و بەدرێژایی دەیان ساڵ کوشتاریان لەیەکتر کردووە, بۆ نموونە شەڕی (ئەلبەسوس) کە لەسەر حوشترێك کە لەنێوان خێڵی بەکر و خێڵی تەغلوب دا رووی‌دا, نزیکەی چل ساڵ درێژەی‌کێشا, لەم ماوەیەدا هەزاران کەسیان لەیەکتر کوشت[10].

لە رەوشێکی ئاواهی ئابووری کۆمەڵایەتی‌دا, ململانێ خێڵەکی‌یەکان تا سەر ئێسقان رق و کینە و توندوتیژیی بەرهەمهێنابوو, کارکردن بۆ گۆڕانی ئەو بنەما کلتورییانە فرە زەحمەتە, بگرە ئاستەمیشە بتوانرێت بەها کلتوریەکان بە بەهای نوێی مرۆڤویستانە یان لێبوردەیی‌یانە بگۆڕدرێن لەم رەوشە پڕ لە کێشمەکێشم و ململانێیەدا ئایینی ئیسلام دەردەکەوێت. دەرکەوتن و جێگیربوونی ئایینی ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی بە دوو قۆناغدا تێپەڕی, قۆناغی یەکەم قۆناغی نەرم و نیانی و لەسەرخۆیی و مامەڵەکردن بوو لەگەڵ نەیارانی ئایینی ئیسلام, ئەمەش لەم ئایەتانە دەردەکەوێت کە لە مەککەدا دابەزیون, پێیان دەگوترێت (ئایەتە مەکەییەکان), لەگەڵ هەندێك لەو ئایەتانەی لەسەرەتای کۆچ بۆ مەدینە دابەزیون, نموونەی ئەم ئایەتانەی کە گوزارشت لەم قۆناغە دەکەن هەندێکیان دەخەینە بەرچاو, (لكم دينكم ولي دين)[11], (لا اكراه في الدين قد تبين الرشد من الغى فمن يكفر بالطاغوة و يؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى)[12], (وجادلهم بالتي هي احسن)[13], (ولا تجادلوا اهل االكتاب الا بالتي هي احسن الا اللذين ظلموا منهم, وقولوا امنا انزل الينا وانزل اليكم وآلهنا وآلهكم واحدو نحن له مسلمون)[14], کۆمەڵێك ئایاتی تر کە هەر بەهەمان شێوە سەر بە قۆناغی نەرمونیانە, لەوانە" (فمن اهتدى فأنما يهتدي لنفسه و من ضل فأنما يضل عليها و ما انا عليكم بوكيل)[15], (والله على كل شيء وكيل)[16], (فأنما عليك البلاغ وعلينا الحساب)[17].

لە هەموو ئەم ئایاتانەدا دەردەکەوێت خەڵکی ئازادن باوەڕدێنن یان نا, باوەڕبێنن بۆخۆیان باشە ئەرکی پێغەمەر (د.خ) تەنها پێڕاگەیاندنە, خودا خۆی حساب لەگەڵ ئەوانە دەکات کە باوەڕناهێنن, لەمەش زێتر هەڵوێستی ئیسلام لەبەرامبەر ئەوانەی ئازاری موسڵمانانیان دەدا هەر هێمنانە بوو, (و صبر حتی یحکم الله)[١٨], (الا ان وعد الله الحق)[١٩], (فاصبر علی ما یقولون)[٢٠], (فأصبر صبرا جمیلا)[٢١].

هەموو ئەم هەڵوێستە نەرمانە لەکاتی خۆیدا پولێکی نەکرد لەبەرامبەر کلتوری عەرەبی بیابان نشیندا, کە لەسەرێکدا قووتی ژیانیان لەسەر نووکی شمشێرەکانیان دەبینییەوە, لەسەرێکی تردا بەرژەوەندی ئابووریان لەوەدابوو کە کەعبە بە بتەکان و پیرۆزی خۆیان بمێنێتەوە, هەربۆیەش عەرەبە خێڵەکیەکان سەرسەختانە روبەڕووی بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام بونەوە, هەرئەمەش وایکرد کۆچ و قۆناغێکی نوی بێتەپێشەوە کە لەگەڵ جێگیربوون و خۆکۆکردنەوە لە مەدینە دەستیپێکرد.

### قۆناغی توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە:

رێك پێچەوانەی قۆناغی یەکەم سەرەتاکان (مبادیء)ی هەنگاونان رێڕەوی خۆی گرت, ئەم وەرچەرخانە پێچەوانەیە دەمانگەیەنێتە ئەوەی, لەلایەك سەرەتاکانی قۆناغی یەکەم کە نەرمونیانییە سەرەتا (مبادیء)ی جێگیرنەبوون بەڵکو دەرئەنجامی روشێکی ناچار و لاوازی ئەو قۆناغە بووە, لەلایەکی تر سەرەتاکانی نەرمونیانی هەر لە بنچینەدا لە کلتوری عەرەبی بەر لە ئیسلام جێگای نەبووە, دواتر ئیسلامیش لە رەوشێکی ناچاردا, هاتە سەر هەمان سەرەتایی کارا و کارپێکراوی کلتوری عەرەبی, واتە هەر سەرەتاکانی توندوتیژیی خۆی سەپاند لە پرۆسەی بڵاوبوونەوە و غەزووی ئیسلامیدا, هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش چەمکی بینینی قوتی ژیان و سەرفرازی لەسەر نوکی شمشێرەکان کە خۆی لە هەموو ئەو پێکدادان و شەڕە خوێناویانە دەبینییەوە کە لەنێوان خێڵە عەرەبەکاندا روویاندەدا, لە ئیسلامدا گۆڕا بۆ چەمکی (جیهاد) چەمکی تاڵان و بڕۆی یەکتری عەرەبەکانیش لە چەمکی (غەنیمەت) خۆی بینییەوە.

جگەلــەوەی تــالانکردن هــەمان رەفتــاری خێڵــە عەرەبــەکان بــوو لەچوارچــێوەی رزگــارکردنی گــەلان و بــە موســڵمانکردنیان خــۆی دووبــارەکردەوە لەمێــژووی عــەرەبی لــە پرۆســەیەکی گــەوەتر و پــڕ دەســکەوتردا, ئیســلام ئامادەییــەکی دەروونــی چــاکتری رەخســاند بــۆ ســەرکەوتن لــە شــەڕەکانیان و دەســتکەوتی تــالانی گــەوەتردا, چــونکە پێدانی حەفتا حۆری بەوانەی شەهید دەبن و دەچنە بەهەشت پاڵنــەرێکی کەم نەبوو بۆ هەلپەی زێتری شەڕکردن, ئەمەش لەبەرئــەوەی عەرەبــەکان لەرادەبــەدەر مێخوازبــوون, بەمشــێوەیە دەبیــنین تــاکی عــەرەبی دوای ئەوەی دەبێتە ئیسلام و پەیوەندی بــە لەشــکری ئیســلامیەوە دەکــات لــە دوو ســەرەوە ســودمەندە, ئەگــەر شــەهید بێــت ئــەوا بەهەشــت و حــەفتا حۆریەکە چاوەڕێیدەکات, ئەگــەریش مایــەوە ئــەوا دەســکەوتێکی باشــی دەبێت لە غەنیمەتی دوای شەڕکردن.

دوای ئەوەی پرۆســەی بەئیســلامکردن لەرێگــەی خوایشــتیەوە نــەکرا, توندوتیژیی بووە تەوەری ســەرەکی لــە فیکــر و رەفتــاری تــاکی عــەرەبی ئیسلامیدا, ئەم هێڵە لــە کــەلتوری توندوتیژیــدا بــواری نەهێشــتۆتەوە بــۆ پێکهــاتنو چــڕۆکردنی گیــانی لێبــوردن و بەیەکەوەهــەڵکردن لــە ئاســتە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئایینیەکاندا.

بە بڕوای من ئەو رەوشە قەیراناویە بــە پلــەی یەکــەم دەگەڕێتــەوە بــۆ ئەو یادەوەریە کلتوریەی عەرەب و بەر لە ئیسلام و دواتر رۆچوونی گیانی رقهەلگرتن لەبەرامبەر لەلایەن تاکی ئیسلامییەوە, ئەوە بــەلای کەمــەوە, خۆ ئەگەر لەتوانادابێت, ئەو رقوکینە دەگۆڕێت بــۆ لــەناوبردن بەرێگــەی تیرۆروتۆقاندنــەوە, ئەمــەش دەگەڕێتــەوەبۆ ئــەو کێشــەیەی کــە ناســخ و مەنســوخ دروســتیکردووە, کــە (١٢٤) ئایــەت لەقورئانــدا بــە ئایەتــەکانی شەمشــێر مەنســوخ کــراون, زۆربــەی ئــەو ئایەتانــەی ئایــاتی ســەردەمی نەرمونیانی و گیانی لێبوردنن[٢٢].

کۆمەڵێك دەقی ئایینی هانــدەری شــەڕ و تۆڵەســەندنەوەن, بەتایبــەتی بۆ ئەوانەی خۆیان بــە دەقەکانــەوە گرێدەدەن و بــێچەندوچون پشــتی پێدەبەستن, وەك لــە بەشــێك لــە ئایــەتی (٢٤٦) لــە ســورەتی بەقــەرەدا هاتووە: (وما لنا الا نقاتل في سبيل الله وقد اخرجنا في ديارنا وابنائنا) یــان (اقتلوهم حيث ثقفتموهم واخرجوهم من حيث اخرجوكم والفتنة اشد مـن القتــــل)[٢٣], وە یـــان هەڵوێســـت لەبەرامبـــەر ئایینـــەکانی تـــر

پێچەوانەدەبێتەوە, هاتووە (قاتلوا الذين لا يؤمنون بالله ولا باليوم الاخر ولا يحرمون ما حرم الله و رسوله ولا يدينون دين الحق من الذين اوتو الكتاب حتى يعطوا الجزية عن يدوهم صافرون)[٢٤], کە هێز هەبوو ئیتر پاساویش زۆردەبێت بۆ باج وەرگرتن لەسەرئەوەی کەسێك باوەڕ یان ئاینێکی جیاوازتری هەبێت, یەکێك لەم پاساوانە ئەوەیە کە ئەوانەی نەدەبوونە ئیسلام و لەسەر ئاینی خۆیان دەمانەوە بەشداری شەڕی پارێزگاری ئیسلام و جیهادیان نەدەکرد, دەبوو (جزیە) بدەن, بەڵام بۆ دەبێت خەڵکێکی ئاشتیخواز باجی ئاین و کۆمەڵێکی ئاینی فراوانخوازی شەڕەکەر بدەن, کە ژیانیان لەسەر ئەو دەستکەوتانەیە لەشەڕ چنگیان دەکەوێت.

ئەو ئایەتانەی لە قۆناغی توندوتیژیی دابەزیون زۆرن هەوڵدەدەم هەندێکی بخەمە بەرچاو کە لە ژیانی کۆن و نوێی ئیسلامدا بەشێکن لە کولتوری توندوتیژیی, (يا أيها النبي جاهد الكفار والمنافقين و غلظ عليهم و ماواهم جهنم وبئس المصير)[٢٥], (وما كان للنبي والذين امنوا ان يستغفروا للمشركين)[٢٦], (واعدوا لهم ماستطعتم من قوة ومن رباط الخيل...)[٢٧], (ياءيها النبي حرض المؤمنين على القتال)[٢٨], (كتب عليكم القتال وهو كره لكم)[٢٩], و هەروەها لەوکاتەی موسڵمانەکان بەهێزن نابێت ئاشتی بکەن (فلا تنهوا او تدعوا الى السلم وانتم الاعلون والله معكم ولكن يتركم اعمالكم)[٣٠], یان لە فەرموودەی صحیحی موسلیمدا هاتووە پێغمبەر (د.خ) فەرموویەتی (فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵکی بجەنگم تاوەکو بڕوادێنن بە خودا و پێغەمبەر و نوێژدەکەن و زەکات دەدەن, ئەگەر وایان کرد ئەوا خوێن و سامانیان دەپارێزرێ, ئەگەرنا بەحەق لێیان دەسەنرێ لای خودا.

## خەلافەت و توندوتیژی:

هەر دوابەدوای مردنی پێغەمبەر (د.خ) هەڵگەڕاوەکان دەرکەوتن, دەرکەوتنی هەڵگەڕاوەکان ئەوەمان بۆدەردەخات کە زۆر لە خەڵکی لەژێر گوشار و چاوسوورکردنەوە و کوشتن هاتنە ناو ئیسلام, ئەوە هاوکێشەیەکی لۆژیکیە, لە هەر کاتێك و لەهەر شوێنێکدا گوشار و سەپاندن هەبێت, رووبەڕووبونەوەو یاخیبونیش هەبووە, بزوتنەوەی یاخیبوون یان هەڵگەڕانەوە هاوتەریب بوە لەگەڵ درێژەکێشانی

سەپاندنو بە رەهایی رەتکردنەوەی ئەویدیدا, کە هەمیشە کلتوری توندوتیژیی درێژەی پێداوە و لەناو هەناوی ململانێکاندا خۆی بەرهەمهێناوەتەوە.

یەکەم ئەرکی یەکەم خەلیفەی ئیسلام (ئەبوبەکری صدیق) نواندنی توندوتیژیی بوو لەبەرامبەر هەڵگەڕاوەکاندا, ئەویش کوشتن و بوو بە سوتاندن, سەرەتای خەلافەت سەرەتای گۆڕانی ئیسلام بوو لە ئامانجەوە بۆ ئامرازێکی جێگیرکردن و گرتنەدەستی دەسەڵات, بەواتایەکی تر ئایدیۆلۆژیایی دەسەڵات, ئەمەش بەبێ توندوتیژیی و کوشتن و بڕین نەبوو, لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی (١٢) ساڵ و چەند مانگێکی سەردەمی خەلافەتی ئەبوبەکر و عومەردا پەیڕەوی لە بنەماکانی ئیسلام و فەرموودەکانی پێغمبەر (د.خ) کراوە و بەتەواوی بەڕێوەچووە, بەڵام هەتا زێتر لە ساتەوەختەکانی مردنی پێغەمبەر دوورکەوینەوە ئایین زێتر لەئامانجەوە دەبێتە ئامرازی گەیشتن بە حوکمڕانی و دەسەڵات[٣١].

دوای هاتنەسەرکاری عوسمانی کوڕی عەفان و تیرۆرکردنی و خەلافەتی عەلی و ململانێی لەگەڵ بنەماڵەی معاویە و شەڕەکانی سەفەینو جمل و نەهرەوان و هاتنەسەرکاری خەلافەتی ئەمەوی کە دەکرێت بەسەرەتای جیابوونەوەی دەسەڵات لەئایین دابنرێت, دواتر هاتنەسەرکاری خەلافەتی عەباسی هەر هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە لە دەسەڵاتدا و لە خودی پرۆسەی فەرمانڕەوایی هەریەك لە دەسەڵاتداراندا بەبێ توندوتیژیی بەڕێنەکراوە, لەمەش زێتر قۆناغ لەدوای قۆناغ لە دیارترین فۆرمدا ئەشکەنجەدانیان بەرهەمهێناوە, لەوانە کەللەسەرپەڕاندن, لێدان بەدەست یان بە قامچی یان بەکوتەك یان بە گۆپاڵ, بەشی زۆری ئەو جۆرە لێدانانە بۆ سوکایەتیپێکردن بووە لەبەرچاوی خەڵکیدا, پەلوپۆ بڕین کە بریتیە لە بڕینی هەردوو دەست و قاچ و بڕینی زمان و گوێ و لوت و خەساندن و بڕینی ئەندامی زاوزێی پیاو, جۆرێکی تر لە کەوڵکردن بووە کە لەسەردەمی خەلیفە المعتصم باللە و هەندێك لە سوڵتانە تورکەکان پەیڕەوکراوە, چۆن ئاژەڵ کەوڵدەکرێت ئەوها مرۆڤیان کەوڵکردووە, کوشتن بە سوتاندن کە یەکەم جار لەسەر دەستی خالیدی کوڕ وەلید بۆ تەمێکردنی هەڵگەڕاوەکان

پەیڕەوکرا, ئەم شێوە سزایە لەسەردەمی عەباسیەکاندا پەرەیپێدرا, کە بەرەبەرە سوتاندن بووە تا برژان و مردن, کە هەر لەسەردەمی معتصم باللە پەیڕەوکراوە[٣٢].

شێوەیەکی تر لە سزادان ئەشکنجەدان بووە بەمەبەستی تێکشکاندنی مەعنەوی, بۆ نموونە دەبوو راکردوو لە شەڕ بەرووتی لەشوێنێکی گشتیدا رابکات, ئەم شێوە سزادانە لەسەردەمی بەشەری کوڕی مەروانی برای عەبدولمەلیکدا پەیڕەوکراوە کە ئەشکەنجەدانی جەستەیشی خرایەپاڵ دەبوو کابرای هەڵاتوو لە زەوی بەرزبکرابووایەوە و بە بزمار ناولەپی بەدیوار بکوترایە لەشێوەی لەخاچدانی مەسیح, ئینجا بەهەڵواسراوەیی دەمایەوە تا دەمرد هەر لەسەردەمی عەباسیەکاندا, دوای متوەکل سەربازەکانی تورك سەرکەوتنیان بەدەست هێنا, ئەو خەلیفەیەی ئارەزوویان بکردایە چاوێك یا هەردوو چاویان دەردەهێنا, بەم شێوەیە لە دەسەڵات نەدەما, شێوەیەکی تر لە ئەشکەنجەدان چەند جۆرە ئەشکەنجەدانێکی جەستەیی و مەعنەوی بوو پەیڕەوی لێدەکرا لەبەرامبەر یەك کەس و لە یەك کاتدا, بۆ ئەم مەبەستە لەشوێنێکی گشتیدا سەکۆیەکیان دروستدەکرد, بۆئەوەی خەڵك لە مەراسیمی لەسێدارەدانەکەدا ببینێت, (ئەم شێوە سزادانە لەبەرامبەر قەرەمەتیەکاندا جێبەجێکرا), دیلەکان یەك لەدوای یەك دەهێنران و بەچوارپەل بەستراوەیی پاڵ دەخران, سەرەتا دەستی راستیان دەبڕیەوە و بەرزدەکرایەوە, دواتر قاچی چەپی و پەلەکانی تری دەبڕانەوە و بەرزدەکرانەوە بۆئەوەی خەڵك بیبینێت, ئینجا سەریان پەل دەدا و فڕێدەدرایە خوارەوە[٣٣].

لە خوێندنەوەی ئەو کلتوورەی هەمیشە توندوتیژیی بەرهەمهێناوە, لە پرۆسەیەکی مێژوویی دوورودرێژدا, ململانێی دەسەڵات و بەرهەڵستکاری دەسەڵات بە رەتکردنەوەی رەهای یەکتر و توندوتیژیی بەردەوام کۆتاییهاتووە, هەمیشە مێژووش خۆی لەم پرۆسە توندوتیژییە دووبارەکردۆتەوە, ململانێی دوورودرێژی نێوان بەنی هاشم و بەنی ئومەیە کە بەر لە ئیسلام و دوای دەرکەوتنی ئیسلامدا ململانێیەکی بنەماڵەیی و خێڵەکی بووە لەگەڵ سەرکەوتنی ئەمەویەکان جارێکی تر خۆی

دووبارەکردۆتــەوە[٣٤]. لــە تۆڵــەی ئــەوەی خــەڵکی مەدینــە پشــتگیری پێغەمبەریان کرد. (د.خ) لە هێرشێکی سوپای مەعاویە بەسەرکردایەتی (موسلیمی کوڕێ عەقەبە) دوای کوشتوبڕێکی زۆر پەردەی کچێنی هەزار کچی ئەم شارەیان دڕی, یان بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان موسلیم رێگەی بە سەربازەکان داوە سێ رۆژ چییان پێخۆشە لە تالآن و بڕۆ و هەتککردنی ناموس بیکەن, لەم سێ رۆژەدا حەوت هەزار ئافرەتی مەدینە ئەتك کراوە[٣٥].

## هاوچەرخێتی و توندوتیژی:

ناتوانین قسە لەسەر توندوتیژیی لەم قۆناغدا بکەین لە دونیای ئیسلامیدا, بەبێئەوەی لە رەچەی ئەو بیرۆکەیە نەگەین کە ئسولیخوازی ئیسلامی لێیەوە سەریهەڵدا, دەرکەوتنی بیرۆکەی ئسولیخوازی کە پەیوەندی راستەوخۆی بە دیاردەی توندوتیژیی رەوتە ئیسلامیەکانەوە هەیە لەسەردەمی هاوچەرخدا, دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلافەتی عەباسی, لەوێوە بیرکردنەوە لە گەڕانەوە بۆ ساتەوەختە بەراییەکانی ئیسلام هاتەپێشەوە, دەرکەوتوترین بانگەشەدەری ئسولیخوازی ئیسلامی (ئەحمەد کوڕی حەنبەل)ە کە پێی وابوو سەربەرزی ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەستبوون بە بنەماکانی ئیسلام وەك لە زوودا وابوو, گەڕانەوە بۆ ساتەوەختە بەراییەکانی ئیسلام وەدیهێنانەوەی سەرفرازییە[٣٦], لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بزانین کوڕی حەنبەل خاوەنی توندوتیژترین و توندڕەوترین ئایینزای ئیسلامییە کە بەناوەکەی خۆی دەرکەوتووە (حەنبەلی).

کەسایەتیەکی تر کە سروشت بەخشی ئیسلامی ئسوڵیخوازە لەسەردەمی هاوچەرخدا ئەویش (ئەحمەدی کوڕی تەیمیە)یە, کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ سودی لە کوڕی حەنبەل وەرگرتووە, ئەم دوو رێبەرە ئسوڵیخوازە لە دوو سەردەمی پڕ لە تەنگژە و قەیران ژیاون, یەکەمیان لەسەردەمێکدا کە عەباسیەکان لەوپەڕی هەوەسبازی و زێدەڕۆیکردن بوون لە چەوساندنەوەی بندەستەکانیاندا, وەك پێشتر باسمان کردووە توندوتیژیی و ئەشکەنجەدان لەم سەردەمەدا شێوازی داهێنەرانەی بۆ دۆزرایەوە, دووەم رێبەر لەسەردەمی دوای هێرشی

مەغۆل بۆسەر بەغدا ژیاوە کە بەهەمان شێوە بێهیوایی باڵی بەسەر خەڵکیدا کێشابوو, بیرکردنەوە بۆ رزگاربوون لەم رەوشە بە رای کوڕی تەیمیە بەهەمان شێوە, گەڕانەوەیە بۆ باوەڕداری راستەقینە.

ئەم دوو رێبەرە ئسوڵیخوازە کاریگەریان زۆر لەسەر دوو رێبەری هاوچەرخی بزووتنەوەی ئسوڵی هەبوو ئەوانیش (جەمالەدینی ئەفغانی) و (محمد عبده) بوون, ئەم دوو کەسایەتیيە باوەڕیان بە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژیی هەبوو بۆ گێڕانەوەی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ سەردەمی سەرفرازی کە گەڕانەوەیە بۆ بنچینە و رۆحی بەرایی ئیسلام, بزوتنەوەی وەهابی لە نەجد و سنوسی لە لیبیا و مەهدی لە سودان لە سەدەی نۆزدەدا ئەم بیرۆکەیە پاڵنەری بوون[٣٧].

کەسایەتیەکی تر کە بەسەرچاوەی توندوتیژیی و تەکفیرکردن دادەنرێت لەمێژووی هاوچەرخدا (ابواعلای مودودی) یە, کە کاریگەری لەسەر چەندین بیریاری ئسوڵیخوازدا هەبووە, ئەوەی کاریگەری دیاری هەبوبێت کتێبەکەیەتی بەناوی (المصطلحات الاربعة)ە, دیارترین ئەو زاراوانەی کە قسەیان لەسەر دەکات هەردوو زاراوەی جاهلیەت و حاکمیەتە, چەمکی حاکمیەت بۆچونێکی سینترالانە بەجیهان دەبەخشێت, یەزدان لە ترۆپکی گەروندایە, گەردونێك کە خۆی دروستیکردووە و حوکمی دەکات و دەسەڵاتداریشە بەسەریەوە, بۆیە جگە لە یەزدان خۆی کەس مافی یاسادانان و حوکمکردن و سەروەری نیيە. کەواتە هەمو جۆرە کۆیلایەتی و ملکەچی و پەرەستنێك جگە لە یەزدان رەتدەکرێتەوە تەنها بەندەیی مرۆڤ بۆ خودایە, بەمشێوەیە مەودودی هەموو جۆرە حاکمیەتێکی مرۆڤ رەتدەکاتەوە و شۆڕشکردن لەدژیان بەئەرك و پێویست دەزانێت, هەروەها ئەوانەی کە بەشەریعەتی ئیسلام حوکم ناکەن کافر و گومڕان, (و من لم يحكم بما انزل الله فاولئك هم الكافرون)[٣٨].

ئەم تێڕوانینە بۆ دەسەڵات و فەرمانڕەوایی وا لە گروپە ئیسلامییەکان دەکات هەمیشە لەدەسەڵات یاخیبن بەبێئەوەی لایەنە ئیجابیەکانی ئەو دەستەڵاتانە ببینن, هەر ئەم تێزەش (تەکفیرکردن) رۆڵی ئەقڵ لە خود بەڕێوەبردن فرێدەداتە پەراوێزەوە, بەمشێوەیە لەژێر کاریگەری

مەودودیدا سەید قوتب (معالم في الطریق) دەنوسێت, ئەمەش جگە لە ڕاڤەکردنی بۆچونەکانی مەودودی بۆ گرتنەبەری توندوتیژیی هیچی تر نییە[٣٩].

گەورەترین کێشەی تاك و کۆمەڵانەی دونیای ئیسلامی ئەوەیە کە خۆگرێدان بە کلتور میرات پێکهاتێکی دەرونی کۆمەڵایەتی بۆ فۆرمۆلەکردووە هەمیشە تێشکانی خۆی بۆ زاڵخوازی کلتوری خۆرئاوایی دەگێڕێتەوە, ناتوانێت دونیابینییەکی ڕەخنەیانەی هەبێت لەو کلتورەی هەمیشە ترس و نامۆبوونی لە جیاوازی کلتوری بۆ بەرهەمهێناوە.

ئەو بزووتنەوە ئایینی و سیاسیانەی دروست بوون, بە میانڕەو و توندڕەویانەوەیە و بەهەمان ئەقڵیەتی سەرهەڵدانی ئیسلام کاردەکەن بۆ گێڕانەوەی کۆمەڵ بۆ مێژوویەك سەروەری خۆیانی تێدا دەبینن, جگە لە خۆیان هیچ لایەنێکی تر بە ڕەوا نابینن, هەر لەسەر هەمان کلتوری توندوتیژیی مەعریفەیەك بۆ تاکەکان بەرهەمدێنن کە ڕەتکردنەوەی جیاوازیەکان دەبەستێتەوە بە سەرەتاکانی باوەڕ (حلال و حرام)ەوە.

بەمشێوەیە پێکهاتنی گروپی ئیسلامگەری لەسەر بنچینەی چەمکێکی نوێ کاردەکات کە ئەرکی سازدانی پەیوەندی نێوان تاکەکانە لەووتوێژی پرانسیپی برایەتی لە باوەڕدا خۆی فۆرمۆلە کردووە, دواتر پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکانی کردۆتە رووی دەرەوەی ئەزمونێکی باوەڕکاری, لەوێشەوە باوەڕهێنانی وەك ئەزمونێکی گیانی و ناخی خود, دەبێتە سەرچاوەی یەکاگیربوون و دەمارگیری کۆمەڵایەتی[٤٠], بەمشێوەیە گروپی دینی تاکەکانی خۆی جیادەکاتەوە لەکۆمەڵ بەگشتی و بڕیاری ڕەهای خۆیدەدات لە ڕەتکردنەوەی ئەو تاك و کۆمەڵانەی بیرکردنەوەی جیاوازتریان هەیە, هەر لە ئاستی خێزانەوە, (برا, باوك, ژن, خێڵ و بەرژوەندیەکان) تا دەگاتە ڕووبەڕووبونەوەی دەوڵەت لەئێستادا, ئەوەتا لەقورئاندا هاتووە: (یا ایها الذین امنوا لا تتخذوا ابائکم و اخوانکم اولئاء ان استحبو الکفر علی الایمان و من یقوله منکم فأولئك هم الظالمون, قل ان کان آبائکم او ابنائکم او اخواتکم او ازواجکم او عیشرتکم او اموال اقترفتموها او تجارة تخشون کسادها او مسکن ترضونها احبوا الیکم من الله ورسوله و جهادفي سبیل الله فتربصوا حتی یاتی الله بآمره والله لایهدي القوم الفاسقین)[٤١].

ئەو رەوشە دەرونی و کۆمەڵایەتیەی تاکی ئیسلامی ئسوڵیخواز تیایدا دەژی، گەڕانەوەیە بۆ رابردوو، بەواتایەکی تر رەتکردنەوەی رەهای ئێستایە بەهەموو رەهەندەکانیەوە، بۆیە یەکەم ئەرکی تاکی ئیسلامی، گەڕانە بەدوای تیۆرێزەکردنی رەوایی توندوتیژیی لە پانتایی ئەو ئایدیۆلۆژیایە ئایینیەی لەناو هەناوی کلتوری توندوتیژیدا لەدایك بووە.

ترس لە ئایندە و نامۆبوون لەبەرامبەر کلتوری خۆرئاوایی لەلایەك، هەنگاونانە بەرەو ئسوڵیەت لەلایەکی تر پێویستی بە میکانیزمێکە بۆ خۆپاراستن، کە ئەمەش بەبێ پەنابردنە بەر توندوتیژیی ناچێتەسەر، ئەگەر کلتوری خۆرئاوایی دوای شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی سەرمایەداری و کۆڵۆنیکردنی گەلان، بۆشاییەکی کلتوری گەورەی دروستکردبێت لەنێوان کلتوری ئیسلامی و کلتوری خۆرئاوایدا، ئەوا پرۆسەی ترس و نامۆبوون لەبەرامبەر رەنگدانەوەی غەزووی کلتوری خۆرئاوای لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵان و گەلانی دونیای ئیسلامیدا، ئەو بۆشاییە کلتوریەی گەورەتر کردووە.

هەنگاوهەڵێنان و رێگەچارە لەم قەیرانە کلتوریەیە، لە دیدی ئسوڵیخوازی ئیسلامیەوە، گەڕانەوەیە بۆ ئەو میکانیزمەی پێغەمبەر (د.خ) و یاوەرانی گرتیانەبەر لە قۆناغی نەرمونیانی و خۆڕێکخستن و کارکردن بەئاڕاستەی (جیهاد) ی ئیسلامی و پێکهێنانی دەوڵەت و دەستەڵاتی ئیسلامی. رەنگە تاکی توندڕەوی ئیسلامی کێشەی نەبێت، بەئاشکرایی تەکفیری سیستمی دیموکراسی و کلتوری خۆرئاوایی بکات، بەڵام تاکی ئیسلامی میانڕەو، لەگەڵ ئەوەی بانگەشە بۆ فرەباوەڕی (پلۆرالیزم) دەکات لەلایەکدا و، ناتوانێت دەستبەرداری بیرۆکەی (جیهاد) کردن بێت لەلایەکی تردا، چونکە کلتوری توندوتیژیی بڕیاری دووڕوویی بەسەردا دەدات.

هەر ترس لە ئایندە و خۆپاراستن وای لە یەکەم رێبەری ئیخوانەکان (حەسەن ئەلبەنا) کرد باڵێکی نهێنی لەناو ئیخوانەکان دروست بکات بەناوی (سیستمی تایبەت – دەزگای نهێنی)، ئەوەبوو چەکدار و مەشقیپێکردن بەمەبەستی بەرگریلەخۆکردن لەناوەوەدا. دواتر میکانیزمی بەرگری لەخۆکردن لە پەیوەندیەکی دیالێکتێکیدا گۆڕا بۆ

میکـــانیزمی وەدیهێنـــانی ئامانجـــەکان لـــە رەوشـــێکی توندوتیژییـــدا, بەشێوەیەك سـەرەتا لەرێگـەی پڕوپاگەنـدەوە کوشـتنی قوربـانی حـەڵاڵ دەکەن. دواتر لە دەرفەتێکی پلان بۆ دانـراودا تیرۆریدەکـەن, لەشـێوەی ئەو پروپاکەندانەی ئیخوانەکان لە میسر بڵاویاندەکردەوە لەدژی ئەوانـەی مەبەستیان بوو تیرۆری بکەن, بەمشێوەیە تۆمەتبارکردنی قوربـانی بـووە بەوەی قورئانی خستۆتە ژێرپێ یاخود بەکافر و مولحید لەقەڵەمدراون, یان هـەر تۆمـەتێك بـۆ پروپاگەنـدەکردن بەکـەڵك بێـت و رێـك بێتـەوە لەگـەڵ روداوەکاندا[٤٢].

لە سەیرکردنی ئـەو پرۆسـە مێژووییـەی هـەموو بزاڤـە کـۆن و نوێکـان بـەرێیانکردووە, بـەهۆی ئـەو میراتـە کلتورییـەی پێیـەوە پەیوەسـتن و نـاتوانن دەسـتبەرداری چـەمکی (جیهـاد) بـن, بۆیـە نـاتوانن خـاوەنی پرۆژەیـەکی مـەعریفی جدی بـن بـۆ بەیەکـەوەژیان و خۆسـازاندن لەگـەڵ دنیـای هاوچـەرخدا, هەمیشـە هەنگاوەکانیشـیان پێچـەوانەی ریفـۆرمی کۆمەڵایـەتی دەبێـت, لەبـەر ئـەو بۆشـاییەیە فراوانـەی لـەنێوان گروپـی ئیسلامی و کۆمەڵدایە, نە دەتـوانن پرۆژەیـەکی واقیعـی جێگرەوەیـان بـۆ رەوشی ئێستا پـێبێت کە بە رەهایی رەتیدەکەنەوە, نـە بـواریش دەدەن ئـــایین بەشـــێوەیەکی کۆمەڵایـــەتی و ئاســـایی ئامانجـــە ریفـــۆرمی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆی بپێکـێ لەچـێوەی ئیرشـادی ئـایینیدا, وەك چـۆن بەر لە دەرکەوتنی گروپی ئیسلامی لەکۆمەڵی کوردەواریدا, ئایین لەسـەر ئاستی هەموو کۆمەڵدا کاریکردووە و زانایانی ئایینیش فرە رێـزدار بـوون و بەشداری کارای پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمـەڵی کورەواری بوون. لەمەش زێتر, بەحوکمی ئەوەی خوێندنگـە ئایینیـەکان سەرچـاوەی خوێنـدەواری بـووە, رێبـەرانی رۆشـنگەری و دامەزرێنـەرانی ئەدیبیانی کـوردی سەرچـاوەکەی ئیسـلامی کوردەواریـە, لـەو رێبەرانـەی مێژووی بزوتنەوەی رۆشنگەری و نەتـەوەیی شـایەتییان بـۆدەدات (نـالیو سالمو کوردیو و حاجی قـادری کـۆییو ئەحمـەدی خـانیو فەقێتـەیرانو مەلای جەزیری)و دەیان رێبەری تر پێشڕەوی زیندوهێشـتنەوەی کۆمـەڵی کوردەواری بوون بەمۆرکی رەسەنایەتی کلتورەکەی خۆیەوە.

**پەراوێز و سەرچاوە:**


١) د. خليل احمد خليل, المفاهيم الأساسية في العلم الأجتماع, طبعة الأولى, دار الحداثة للطباعة والنشر, لبنان – بيروت, ١٩٨٤.. ص ١٣٨.
٢) هـ. ب ريكمان, منهج جديد للدراسات الأنسانية محاولة فلسفية, ترجمة, د. عبدالمعطى محمد و د. محمد على محمد, ط١, بيروت ١٩٧٩, ص ٤٩.
٣) دينكن ميشيل, ت:د. احسان محمد حسن, معجم علم الأجتماع, دار الحرية للطباعة والنشر, بغداد – ١٩٨٠.. ص ٢٠ – ٢٢.
٤) عزيز السيد جاسم, تأملات في الحضارة الأغتراب, ط١ , دار الشؤون الثقافية العامة, بغداد, ١٩٨٦.. ص ١٢٩.
٥) هادى عەلەوى, مێژووی ئەشکەنجەدان لەئیسلامدا, و. هاوڕێانی نوسەر, لە بڵاوکراوەکانی دەستەی هەنگاو – ١٩٩٩.ز ص ٧٠.
٦) لويس مير, ت" د. شاكر مصطفى سليم, مقدمة في الانتروبولوجا الأجتماعية, و دائرة الشؤون الثقافية والنشر, بغداد, ١٩٨٣.. ص ٢٢٨.
٧) رەفیق سابیر, ئیمپراتۆریای لم – لە بڵاوکراوەکانی رابون – چاپی یەکەم – سوید ١٩٨٠. لا ١٧.
٨) هەمان سەرچاوە لا ١٨.
٩) فؤاد البعلي ابن خلدون و علم الأجتماع الحديث, ط١ دار المدي للثقافة والنشر, دمشق – ١٩٩٧, ص ٦٣.
١٠) رەفیق سابیر, سەرچاوەی پێشوو, لا ١٨.
١١) قرأن الكريم, الكافرون ٦.
١٢) قرأن الكريم, البقرة ١٥٦.
١٣) قرأن الكريم, نمل ١٢٥.
١٤) قرأن الكريم, العنكبوت ٤٦.
١٥) قرأن الكريم, يونس ١٠٨.
١٦) قرأن الكريم, هود ١٤.
١٧) قرأن الكريم, رعد ٤٠.
١٨) قرأن الكريم, يونس ١٠٩.
١٩) قرأن الكريم, يونس ٥٥.
٢٠) قرأن الكريم, ق ٣٩.
٢١) قرأن الكريم, المعارج ٥.
٢٢) بۆ زانیاری زیاتر سەیری, زەردەشتی, خوێننامە, ستۆکهۆڵم – ٢٠٠٢, بکە بەدرێژی باس لە کێشەی ناسخ و مەنسوخ دەکات لەقورئاندا.

٢٣) قرأن الكريم, البقرة ١٩١.
٢٤) قرأن الكريم, توبة ٢٦٠.
٢٥) قرأن الكريم, توبة ٧٣.
٢٦) قرأن الكريم, توبة ١١٣.
٢٧) قرأن الكريم, الأنفال ٦٠.
٢٨) قرأن الكريم, الأنفال ٦٥.
٢٩) قرأن الكريم, البقرة ٢١٦.
٣٠) قرأن الكريم, محمد ٣٥.
٣١) على دەشتی, بیست و سێ ساڵ پێغەمبەرایەتی, و. فریاد كەریم, چاپی دووەم ١٩٩٩.. لا ٢٢٤.
٣٢) هادی عەلەوی, هەمان سەرچاوە, لا ٦٤.
٣٣) هەمان سەرچاوە, لا ٣٠.
٣٤) محمود اسماعیل, الحركات السرية في الاسلام, ط٥ – مؤسسة الأنتشار العربي – بيروت – ١٩٩٧.. ص ١٩.
٣٥) فؤاد مەجید میسری, كۆمەڵگا لەسایەی دەوڵەتی خەلافەتدا, چاپی دووەم, سلێمانی, ٢٠٠٢, لا ٢٠٦.
٣٦) بیر و وشیاری, گۆڤارێكی فیكری و تیۆری وەرزیە, بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیر و وشیاری (ی.ن.ك) ژمارە (١) ساڵی یەكەم, شوباتی ٢٠٠٢, محمد حسنين هيكل (گەڕانەوە بۆ بنج و بنەوان) لا ١٩٦.
٣٧) هەمان سەرچاوە, لا ١٩٨.
٣٨) شوان ئەحمەد, سەيد قوتب و تیوری تەكفیركردنی كۆمەڵگە و دەوڵەت, كتێبی روناكبیری (٢٣), سلێمانی, ٢٠٠٢, لا ٢٣.
٣٩) د. محمود اسماعيل, الأسلام بين الأسوليين والعلمانيين, ط١, المؤسسة الشراع العربي, ص ١٩٦.
٤٠) سەمیر ئەمین و بورهان غلیون, دیالۆگی دەوڵەت و ئایین, و. هێمن مەجید ٢٠٠١, ص ٥٢.
٤١) قرأن الكريم, توبة ٢٣–٢٤.
٤٢) د. فەرەج عەلی فودە, ئیرهاب, و. نەهرۆ هەیینی, لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی راگەیاندنی (ك.خ.ك) ژمارە (٥٧) چ ١, چاپخانەی زانست, سلێمانی ١٩٩٩.